# ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە گەشەپێدانی مافەکانی ژنان لە باشوری کوردستان (١٩٢١-١٩٦٨)

**د.هونەر رۆستەم فەتاح**
توێژەر
hunar.fatahh1983@gmail.com

**پوختەی توێژینەوە**

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا، نرخاندنی ڕۆڵی ژنان و ناخی مرۆڤبوون بۆ ژن لە باشووری کوردستان، لایەنێکی دیاری پرۆسەی چاکسازی کۆمەڵایەتیی بووە، لەبەر ئەوە لە هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکی ئەو قۆناغە بڕوانین ژمارەیەکی بەرچاو لە نوسین و کار و لێکۆڵینەوە لە مەڕ ئەم بابەتە دەبینین، کە لە میانەیدا هەوڵدراوە بۆ ئازادکردنی ژن و سەربەست کردنی لە مامەڵە و ژیانی ڕۆژانەیدا، ئەمەش لەو بڕوایەوە سەرچاوەی گرتووە ژن نیوەی کۆمەڵە، لەبەر ئەوەی ئەمانیش حەقی هەموو جۆرە سەربەستییەکیان هەیە، وەک نیوەکەی تر، بۆ چاککردنی چۆنییەتی ژیانی خۆیان و کۆمەڵەکەیان، وە کەڵک وەرگرتن لە هێز و توانایان کە بێگومان ئەمە ئەوپەڕی سوود و چاکە دەگەیەنێت بە کۆمەڵ. هەر بۆیە لە تێگەیشتنی ڕۆشنبیری کوردەوە ئەو کۆمەڵەی ژن تێیدا مافی ژیانی وەک پیاو نەبێت و جیاوازی هەبێت لە نێوانیاندا هەرگیز پێ ناوترێت کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو، چونکە ژن ئەگەر زیاتر نەبێت لە پیاو ئەوا هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ پیاودا و یەکسانن.

بە پەیڕەوکردنی میتۆدی شیکاریی مێژوویی و خستنەڕووی بابەتەکان، توێژەر هەوڵیداوە تیشک بخاتە سەر هەوڵەکانی ڕۆشنبیرانی کورد لە ماوەی ساڵانی (١٩٢١-١٩٦٨) لەسەر پرسەکانی وەک ژنهێنان و شوکردن، ڕەخنە لە کۆمەڵی دێهاتی بەهۆی نەدانی مافی کچانیان، باس لەلایەنی ئابوریی و دارایی خێزان و خستنەوەی وەچە، سەربەستکردنی ژن لە مامەڵە و ژیانی ڕۆژانەیدا، ڕەخنە لە هێشتنەوەی ژن لە ماڵدا و خراپ وەسفکردنی فرەژنی و داواکردنی دانەدەستی تەلاق بە ژن. ئەمە جگە لە داکۆکی لە مافە سیاسییەکانی ژن و بانگەشەی بەشداریکردنی ژن لە پرۆسەی هەڵبژاردن و کاری سیاسی و هەروەها قسەکردن لەسەر بێبەشنەکردنی ژن لە خوێندن وەک چارەسەر و دەرمانی زۆرێک لە کێشەکان، دورستکردنی ئابوری ئازاد بۆ ژنان لە ڕێگەی ئازادی کارکردنیانەوە و چەندین پرسی دیکە.

بەم شێوەیە لە سایەی خەباتی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیران و هۆشیاربوونەوەی کۆمەڵگای کوردی، لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا ژنان بەشداریان لە کایە سیاسی و ئابوریی و ڕۆشنبیرییەکان لە باشوری کوردستان دەستپێکرد.

کلیلە ووشە: ڕۆشنبیران، باشووری کوردستان، مافەکانی ژنان، گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی

**پێشەکی:**

هەر لەسەرەتای سەدەی بیست و دوای دروستبوونی دەستەبژێری ڕۆشنبیر و خوێندەواری کورد و گەشەکردنی لە ڕووی چەندێتی و چۆنییەتییەوە، چەندین ئەرکی جیاوازی کەوتە ئەستۆ، دەبینین جگە لەوەی بوونە پێشەنگی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری، لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردیشیان فەرامۆش نەکردووە، کەمتازۆر جێپەنجەیان بە کایەی کۆمەڵایەتییشەوە دیارە، لەوانەش پرسی مافەکانی ژنان. دەستەبژێری ڕۆشنبیری کورد لە سۆنگەی ئەو باوەڕەوە کە هەر میللەتێک پرسی مافەکانی ژنانی چارەسەر نەکردبێت و ژنانیان لە کایە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بەشداری پێنەکردبێت بە دواکەوتووی دەمێننەوە، هەوڵیداوە لە ڕێگەی کەرەستەکانی نوسین و ڕۆژنامەوە قسە لەسەر بابەتەکانی سەربەستکردنی ژن لە مامەڵە و ژیانی ڕۆژانەیدا، ڕەخنە لە هێشتنەوەی ژن لە ماڵدا و خراپ وەسفکردنی فرەژنی و داواکردنی دانەدەستی تەلاق بە ژن و هەروەها داکۆکی لە مافە سیاسییەکانی ژن و بانگەشەی بەشداریکردنی ژن لە پرۆسەی هەڵبژاردن و کاری سیاسی و هەروەها قسەکردن لەسەر بێبەشنەکردنی ژن لە خوێندن وەک چارەسەر و دەرمانی زۆرێک لە کێشەکان، دورستکردنی ئابوری ئازاد بۆ ژنان لە ڕێگەی ئازادی کارکردنیانەوە و چەندین پرسی دیکە

لەم گۆشـەنیگایەوە، کۆڵینەوە لە ڕۆڵی ڕۆشـنبیرانی کورد و ڕۆژنامەگەری لە باشـووریی کوردسـتان لە بواری گەشـەپێدانی مافەکانی ژنان، جگە لەوەی هەنگاوێکی گرنگ دەبێت لە تێگەیشتنی مێژووی باشووری کوردستان، هاوکات پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەشە، کە توێژەر بە میتۆدێکی مێژووی شیکاری بابەتەکەی خستوەتەڕوو.

ئامانجی توێژینەوەکە، جگە لە دەرخسـتنی بونیاد و هزرە ڕۆشـنبیریەکەی دەسـتەبژێری باشـووری کوردسـتان، بریتییە لە دەرخستنی ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە گەشەپێدانی مافەکانی ژنان و ڕادەی کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگای باشووری کوردستان

سـنوری توێژینەوەکە لەسـاڵانی (١٩٢١-١٩٦٨)ە، کە تەنها باشـووری کوردسـتانی کردووەتە ئامانج هاوکات بەهۆی سرووشتی بابەتەکەوە کە سۆسیۆ – مێژووییە، میتۆدیی شیکاریی و خستنەڕووی تێدا پەیڕەوکراوە.

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەش پشـت بە چەندین سـەرچاوەی کوردیی و عەرەبی و ئامارە فەرمییەکانی عێراق و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری جیاواز بەستراوە، هەوڵدراوە لە چوارچێوەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا ڕۆڵە مێژووییەکەی ئەم چینە موتاڵا بکرێت، لە نێو سـەرچاوەکاندا چەند دانەیەکیان بەهۆی وردیی و نزیکیان لە بابەتەکەوە زۆرتر سـودی لێبینراوە ئەوانیش، وەک چەندین ژمارەی ڕۆژنامەی ژیان کە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەی بە وردی تۆمارکردووە، هەروەها گۆڤارەکانی گەلاوێژ و هەتاو و کە زیاتر وەک تۆماری ڕۆشنبیری کار و چالاکییەکانی توێژی ڕۆشنبیران سودی لێ بینراوە.

**ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە گەشەپێدانی مافەکانی ژنان:**

بەهۆی دواکەوتووی کۆمەڵگای کوردی و خراپی دۆخی مافەکانی ژنان لە کۆمەڵگادا، هەر لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەوە ڕۆشـنبیران بە هەموو جۆرەکانییانەوە، بەتایبەت ئەوانەیان کە وڵاتانی دیکەیان دیوە و یاخود ئاگایان لە دۆخی کۆمەڵایەتی و خەباتی سـیاسـی و کۆمەڵایەتی ژنان بوو لە وڵاتانی ئەوروپا، دەسـتیان دایە هۆشـیارکردنەوەی کۆمەڵگای کورد سـەبارەت بە مافەکانی ژنان و لەو پێناوەدا دەستیان بۆ چەندین پرس و مافی گرنگ بردووە.

**مافە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان:**

پرسـی ژنهێنان و شـوکردن و خێزان لە پرسـە گرنگە کۆمەڵایەتییەکان بووە، کە ژن تێیدا ڕۆڵ و پێگەی سـەرەکی بۆ دیـاریکراوە، "ژن یعنی عـائیلە، عـائیلەش یعنی ژین، ئەم دوانە کەلیمەیەکی موتەرادیفن و یـان جوتێکن کە زادەی ئەمـانە سەعادەتە... ئەگەر بێت و میللەت قابیلی تەشبیهـبێت بە خانوویەک، بێ شوبهە تەشکیلی عائیلەش دەبێت بکرێت بە بناغەی، چونکە ئیحتیاجی ئیزدیواج تەنها بە سـائیقەیەکی ئیجتیماعیەوە نییە، بەڵکو زیاتر نەتیجەی ضـەرورەتێکی فیزیۆلۆژییە"(ژیان، ژمارە ١٤١، ١٩٢٩،ل١). هەروەها داوای چاککردنی نەریتە خراپەکانیان لەم پرۆسـەیەدا کردووە، "بەهەموو مەزەبێ، بە هەموو قورئان و ئەحادیسێک، دەردەکەوێت کە لازم ئەکات لەوەختی ئیزدیواجدا دەزگیرانەکان یەکتری ببینن، بەعزێ شتی زۆر جوزئی و هیچ هەیە کە زۆر ئەهەمیەتی ئەدەینێ، بەڵام ئەوەی کە پێویسـتە بیکەین بە جێی ناهێنین"، لەم میانەیەدا دیاردەکانی: (شـیربایی و گەورە بە بچوک و ژن بە ژن)یـان وەک نەریتی دواکەوتوو نـاوبردووە، "... لای ئێمە ژن هێنـان چۆنە؟ نـا استەغفیروڵا، ژن هێنان نا، ژن کڕین چۆنە، چونکە لێرە کچ وەک ترۆزی و خەیار ئەفرۆشرێت نادرێت بە شوو"(ژیان ژمارە ٩٧، ١٩٢٨ ل١).

خێزانیش هۆکاری پارێزگاریی نەوەکان و سونەتی ژیان و مایەی ئارامی دەرونە، بەڵام کۆمەڵێک مەرج پێویستە لە کەسەدا هەبێت، لێکتێگەیشـتن و یەکتر بینینی کچ و کوڕەکانیان پێش زەواج بە بنەماکانی سـەرکەوتنی ئەو پرۆسـەیە داناوە، ئەم داواکاریانە بۆ ئەو کاتی کۆمەڵی کورد وەک شۆڕشێکی چاکسازیی کۆمەڵایەتی بووە، "ئەگەر ژنهێنان کە بە مەعقولی ڕیعایەتی هەموو ئوسـوڵێکی بکرێت، ئەکسـەرییەت زۆر باش ئەبێت و پەشـیمانی لە دوا نابێت... مەعلومە ئەگەر ژن هێنان نەبووایە بە مودەتێکی کەم زۆر بەشـەر دوای ئەهات و نەئەما، ژنهێنان وەکو بۆ زیادی و دەوام و مانەوەی بەشـەر باشـە ... بە پێی قەوانینی مەدەنییە و شـەریعەتی ئیسـلامیش لازمە لە ژنهێنانا ئەوەل دەفعە تەماشـای هاوکوفی بکرێ و هیچ نەبێ ئەگەر دەفعەیەکیش بێت دەبێت کوڕ و کچەکە یەکتر ببینن"(ژیان، ژمارە١٢١، ١٩٢٨،ل١).

لەم سـۆنگەوە ڕەخنە لە کۆمەڵی دێهاتی گیراوە، چونکە مافی کچانیان لەکاتی هاوسـەرگیریدا ڕەچاونەکردووە، باسـیان لەو خەرجییە زۆرانە کردووە کە بە زاوا دەکرێت، "ئەکسـەری دێهاتەکانمـان و زۆری عەشـیرەتەکانمان حقوقێک نادەن بە ژن عادەتەن وەکو حەیوان تەماشـایان دەکەن، وەکو لە جنسی بەشـەر نەبن وایان ئەزانن و تەماشا ئەکەن، کچەکانیان عادەتەن وەکو حەیوان ئەیانگۆڕنەوە یان ئەیانفرۆشـن، پیاوێک کە ژن بێنێت پێویسـتە هەموو سـەروەتەکەی سـەرف بکات و بەعزەن بەمەیش ئیکتیفا ناکرێت ئەبێت بۆ ژنهێنان هەموو موڵک و ماڵەکەی بفرۆشێت، سـەرفی بکات وە یا ئەگەر بیگۆڕینەوە ژن بە ژن بکەن لەوێشا هیچ تەماشای عومر، سەروەت، عائیلە، حاصڵی هاوکاوفی ناکەن""(ژیان، ژمارە١٢١، ١٩٢٨،ل١).

باس لەلایەنی ئابوریی و دارایی خێزان و خسـتنەوەی وەچە کراوە، داوای سـنوردارکردنی وەچەخسـتنەوەیان کردووە بۆ ئەوەی کوالیتی ژیانی منداڵەکان باشتربـێت، ئابوریی باش و لانیکەم داهاتێکی مامناوەند بۆ هاوسەرگیریی داواکراوە، "غەیری

ئەمەش ئینسان نابێت بێ لێکدانەوە ژن بهێنێت، ... پێویستە ... تەماشای ئیستقبالی خۆی بکات و ئەبێ بە نەوعێک ئیقتیداری بێ موســـتەقبەلی تەئمین بێ، کە ئەگەر چوار پێنج منداڵیشـــی ببێت بتوانێت موافیقی مەتلوب منداڵەکانی بەخێو و پەروەردە بکات، چونکە پیاوێک کە ســـەروەتی نەبوو لە ئیدارەی خۆی عاجزبوو، ئەگەر تەشـــکیلی عائیلەی کرد توشـــی ســـەفالەت و پەرێشـــان ئەبێت""(ژیان، ژمارە١٢١، ١٩٢٨،ل١).

هەوڵدراوە ئازادکردنی و سەربەستکردنی ژن لە مامەڵە و ژیانی ڕۆژانەیدا بەدیبهێنرێت، لە تێگەیشتنی ڕۆشنبیری کوردەوە ئەو کۆمەڵەی ژن تێیدا مـافی ژیـانی نەبێت وەک پیـاو و جیـاوازی هەبێت لە نێوانیـانـدا هەرگیز پێ نـاوترێت کۆمەڵگـایەکی پێشکەوتوو.

ڕۆژنامەگەریی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا میکانیزمێکی بایەخداریی نوسەران و ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگای کوردی بووە، کە هەوڵیداوە لە ڕێگەی نوسـین ڕەخنەکاریی کێشـە کۆمەڵایەتییە باوەکان و مافەکانی ژنان بکات و ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزێتەوە، ناوەرۆکی ئەو بابەتانەی لە ڕۆژنامەی ژیان و ژین و ئەو چیرۆکانەی لەنێو گۆڤارەکانی گەلاوێژ(١٩٣٩-١٩٤٩) و نزار(١٩٤٨-١٩٤٩) و هەتاو(١٩٥٤-١٩٦٠)دا بڵاوکراونەتەوە ڕەنگدانەوەی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سـەردەمەبوون(سـاڵح، ٢٠١٠، ل٢١)، باســـکردنی ئەم دیاردانە بە ناشـــیرینی و دوورکەوتنەوە لێیان بەرهەمی هەبووە، کەســـانێک بەم هۆیەوە وازیان لەو دیاردەی خراپانە هێناوە(ئەحمەد، ١٩٨٥،ل١٣٣).

لەڕۆژنامەکانی ئەو قۆنـاغەی کوردســـتانـدا گرنگییەکی زۆر بە مـافەکـانی ژن دراوە، بە تـایبەت ڕۆژنـامەی ژیـان لەیەکەم خولەوە پرسی ژنی کردووە بە بابەتێکی گرنگی خۆی، مستەفا صائیب، لە چەند وتارێکیدا بە بیرێکی شارستانی و پێشکەوتووی مرۆڤدۆســـتانەوە ژنی هەڵســـەنگاندووە، فەرامۆشـــکردنی نیوەی کۆمەڵگا بە هۆکاریی دواکەوتن و ســـتەمکاریی لەقەڵەمداوە. جیاوازی ئەم دوو ڕەگەزەی ڕەتکردووەتەوە "ژن جگە لەوەی ژنە و ژنە، هیچ فەرقێکی تری نییە لەگەڵ پیاودا، پیاویش جگە لەوەی پیاوە هیچ فەرقێکی تری نییە لەگەڵ ژنا. پیاو بۆچی خەڵق کراوە، ژنیش بۆ ئەوە ئافەریدە کراوە... ئەگەر ژنیش تا ئێستا، عەقڵەن و بەدنییەن لە فەعالییەت و ئیشدابوایە، فەرقێکی وای نەدەما لەگەڵ پیاوا"(ژیان،ژمارە ٩٣، ١٩٢٧،ل١)، هەروەها دەقە ئاینیەکان یەکســـانی نێوان ژن و پیاویان پاراســـتووە "چ پیاوێک هەیە کە چاوی کوێر نەبێ و زەرەیەک عەقڵی ببێ، تێنەگا کە ژنیش وەکو پیاو، خوا ئافەریدەی کردووە بۆ جوتی ئەو، بۆ ڕەفیق و خۆشـەویسـتی ئەو، بۆ عەبدو نۆکەر و چێشـتکەری ئەوی خەڵقی نەکردووە، ئەویش وەکو پیاو عەقڵ و چاو و زبان و هۆش و شـعوری هەیە"(ژیان، ژمارە ١٩٢٧،٩٤،ل١). ڕەخنەی لە هێشتنەوەی ژن لە ماڵدا گرتووە و بە کارێکی خراپ و ناپەسـەندی وەسـف کردووە دەڵێت، "چونکە لە واسیطەی ئەوەی ژن لە ماڵدا حەپس ئەکەن و تەنها بۆ چێشت لێنان و نوێن داخستن ئەیهێنن، قسمێکی زۆر لەم مەخلوقانە لەم میللەتە مەحکومی مردن و سستی و ئیش نەکردن ئەکەن"(ژیان، ژمارە ٩٦، ١٩٢٧،ل١).

بەم شێوەیە مەبەستێکی ڕۆشنبیران یەکسانی و دادگەریی نێوان ژن و پیاو بووە و ڕەتکردنەوەی ئەو نەریتە خراپانەبووە کە مایەی ستەم و جیاوازی نێوانیان بووە، "لە ساحەی مەدەنییەتدا، تەرەقی و تەعالی میللەت بە تەکامولی فیکری و هەردوو فیرقەی میللەتەوە بەســـتراوە کە لە ژن و پیاو موتەشـــەکیلە، تەرازوویەک کە هەردوو لای لە عەینی قورســـاییدا نەبێت، چۆن کەســـبی موازەنەت و بەرانبەری ناکات و بەملا و بەولادا دێت، میللەتیش لە مەیدانی پێشـــکەوتندا ژن و پیاوی دەرەجەی تەحســـیل و تەربییەیان یەک نەبێت، ئەو سەعی و کۆششەی ئەکرێت موتەساوییەن بۆ هەردوولا نەبێ و بەیەکەوە شا ڕایی تەرەقی نەگرن، بیلتەبع موازەنەت و عەدالەت پەیدا نابێت، ئێمە کە بە نیسـبەت میللەتانی ترەوە دواکەوتوومان پێ دەڵێن ... لازمە جنسـی لەتیف کە عوزوی موهیمترین بەشی بە قیمەتترینی میللەت تەشکیل ئەکەن، موافیقی مەتلوب پێ بگەیەنن، دایک ... ئەگەر باش ئیحزار بکرێت ئەولادی موستەقبەلی سبەینێی وەتەن بە موکەمەلەتێکی مادی و مەعنەوییەوە دێنێتە وجود"(ژیان، ژمارە ١٩٢٧،٨٧،ل١-٢). هەروەها "... ئەو میللەتانەی کە ئەمڕۆ بەرز وبڵند بوونەوە تەکامولیان کردووە، ...، ژن و پیاو وەک یەک تەحسـیل ئەکەن و بۆ ڕابواردنی حەیاتی ئیجتیماعییەیان موجادەلەت ئـەکەن"(ژیان، ژمارە ١٨٩، ١٩٢٩،ل١).

جگە لەوەش ڕزگارکردنی کۆمەڵگای کوردی لە چەقەبەســـتوویی و پابەندیی نەریتەکانی ڕابردوو کە دژبووە بە مافەکانی ژنـان، لایەنێکی گرنگی هەوڵی پەرەپێدانی کۆمەڵ بووە، "بەڵێ بەو ئیعتیبـارەی کە کەم و زۆر جۆرێکی بـاوک و بـاپیرمـانین، قیسمێکی ماضین، مەربووطی عەنعەنەی ڕابردووین، فەقەط لازمە لە عەینی زەماندا لە بیرمان بێت لە پێش هەموو شتێکدا ئێمە لەم ڕۆژەدا دەژین، پشتمان کردووەتە ڕۆیشتوو و ڕوومان لە پێشـەوەیە"(ژیان، ژمارە ١٤٦، ١٩٢٩،ل١)، بۆیە داوایانکردووە ئامراز و بیرکردنەوەی ئێستایی سەبارەت بە پرسەکانی ژنان پەرەپێبدەن.

ســـەبارەت بە فرەژنی وەک دیاردەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە ئاماژەی بۆ کراوە، مامەڵەکردن لەگەڵ چەند ژنێکدا پاراسـتنی یەکسـانی و دادپەروەری دەکاتە کارێکی ئەسـتەم و سـەخت، لەم ڕووەوە فرەژنی وەک دیاردەیەکی باوو ناپێویسـت لە

کۆمەڵدا دووربخرێتەوە، ئەو مافە بە ژن بدرێتەوە، داوا لە پیاوانی ئایینی و قازییەکان کراوە بۆ کچان و ژنانی کورد ڕوونبکەنەوە کە دەتوانن لە مارەکردندا مەرجی (تەڵاق بە دەستی ژن بێت) بکەنە مارەیی(سەعید، ٢٠٠٦،ل٢٥٨).

**مافە سیاسی و ئابورییەکان:**

تەریب بەم مافانە داکۆکی لە مافە سیاسییەکانی ژن کراوە و بانگەشەی بەشداریکردنی ژنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن و کاری سیاسی و پێدانی مافی نوێنەرایەتی و ئەندامێتی لە پەرلەمان کردووە و وتار و لێکۆڵینەوەی زۆر گرنگیان لە پێناو تێگەیاندن و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ لە بەرانبەر ئەم مەسەلەیەدا بڵاوکردووەتەوە(سەعید، ٢٠٠٦،ل٢٥٨).

باسیان لە گەشەکردنی مافە سیاسیەکانی ژن لە وڵاتانی ئەوروپا کردووە بە تایبەتی لە بەریتانیا، ئەوە بەو پێیە عێراق خۆی لەژێر ماندادتی بەریتانیادا بووە، نوسیویانە "لە لەندەن دەستکراوە بە تەتبیقی ئەو مەسەلەیە کە ژن حەقی ئینتیخاباتی ببێ وەکو پیاو بەو شەرتەی عومری گەیشتبێتە ٢١ ساڵ، بەوەش زیاتر لە ٥ ملیۆن ژن مەوجود ئەبێ کە حەقی ئینتیخابیان ئەبێ"(ژیان، ژمارە ١٢٩، ١٩٢٨،ل١).

ئەو هەواڵانەی نوسەران دەربارەی ژن لە وڵاتانی جیا جیای دونیادا بۆ بڵاوکردنەوە هەڵیانبژاردوون، هەموویان دانسقەن بە ئەنقەست هەڵیانبژاردوون، ویستوویانە سەرنجی پیاوی کورد ڕابکێشن بۆ ئەو گۆڕانە گەورەیەی لە دونیادا بەسەر باری کۆمەڵایەتی ژناندا هاتووە. لەمەش مەبەستیان ئەوەبوو زەمینەی فیکری لەلای پیاوی کرد خۆش بکەن بۆ ئەوەی داوای چاک کردنی باری کۆمەڵایەتی ژنی لێ بکەن(ئەمین،٢٠١٣،ل١٢١).

چارەسەر و هەنگاوی بەرایی بۆ ڕزگاربوون و سەربەستی ژن لە تێڕوانینی دەستەبژێری کورد لە دیدە ئابوورییەکەیەوە دەستپێدەکات، "پێویستە ڕێگەی ئیشکردنی بۆ بکرێتەوە و بۆ ئەوەی شان بە شانی پیاو تەقەلا بدەن بۆ ژیان، هەمیشە پێویستە هەردوولا (ژن و پیاو) دەستێکی درێژیان هەبێت لە ژیانی ئیقتیصادیدا، ئا ئەو ساکە ژن خۆشبێت و ترشیبێت ناچارە پەچە فڕێ بدات بۆ ئەوەی شان بەشانی پیاو ئیش بکات، ئەم ڕێگەیە ناکرێتەوە تاکو مستەوای ژیانی ئیقتیصادیمان نەگاتە ڕادەیەک کە پێویستی بە شان و بازوی ژن و پیاوبێت"(نەبەرد، گەلاوێژ ژمارە ٩، ١٩٤٧،ل٥٦).

کارکردنی ژنان مایەی نەنگی پیاوان و بنەماڵەکەیان بووە، بۆیە زۆر بە کەمی دیاردەی کارکردنی ژنان لە پێشووتردا بینراوە، بەڵکو زیاتر لە کار و فەرمانی ماڵداریی و ئاژەڵداریی گوندەکاندا بەرجەستەبووە، لە شارەکاندا ئیشکردنی ئابوریی ژنان ڕێگەپێدراو نەبووە، بەڵام ئەم دۆخە بەهاتنی دەسەڵاتی بەریتانیا لە عێراق گۆڕانی بە سەردا هات، بەرچاوترین ئەو گۆڕانە لە پەیدابوونی ململانێی نێوان داکۆکیکارانی ئازادیی ژنان و نەهێشتنی پەچە و عەبا و کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ و پشتیوانانی لادانی پەچە و عەبای ژن و بەرانبەرەکانیان دەخوێندرێتەوە(عەبدولڕەحمان، ٢٠١٩، ٤٢٤).

لە سایەی ئەو ڕەوشە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەدا ئاستی لێکدابڕانی هەردوو ڕەگەز زەقبووەوە، چونکە تا ساڵی ١٩٣٩ خوێندنگای ناوەندیی کچان لە شارەکاندا نەکراوەتەوە، ڕێگە نەدراوە کچان و ژنان بە ئازادی بێنە دەرەوە و بوارێک کە ژن توانیبێتی بەهۆیەوە لەماڵ دەرچێت چونە حەمام بووە، بەڵام دواتر کۆمپانیای سنگەری بەریتانی تایبەت بە مەکینەی درومان چەند لقێکیان لە کوردستاندا کردەوە، بۆ ئەوەی برەو بۆ مەکینەکانیان پەیدابکەن، بە خۆڕایی خولیان بۆ کچان و ژنانی کورد کردەوە و فێری درومان و نەخشەکاریان کردوون(شوانی، ٢٠٠٨،ل٢٩). هەروەها کۆمپانیای نەوتی عێراق- بەریتانی بەهۆی بوونی ژمارەیەک لە ژنانی ئینگلیز و تێکەڵبوونیان بە خەڵکی کەرکوک و خانەقین و قەزا و ناحییەکانی دەوروبەریان، هەروەها ئیشکردنیان لە بازاڕ و بازرگانی و کۆمپانیاکان و ئەو جل و بەرگە ئەوروپییەی دەیانپۆشی کاریگەریی لەسەر خەڵکی کورد دانا (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٩،ل٤٢٥).

دواڕۆژی ئاسودە و پێشکەوتووی وڵات بە بەشداری هاتنە مەیدانی ژنانەوە بەستراوەتەوە، "ژن زیاتر لە هەموو شتێک دەبێتە هۆی پێشکەوتنی قەوم، وە پێشکەوتنی وڵات بە هۆی تەرەقی کردنی ئەوانەوە دەبێت، چونکە ئەوان مەرکەزی ئیشن و ئەوان پیاوانی موستەقبەل دەخەنەوە و تەربییەی ئەدەن... ژنی فەقیر کە وا لەلای ئێمە ڕۆژ هەتا ئێوارە لە ناو چوار دیواری ماڵەکەیدا دانیشتووە ئاگاداری دنیا نییە، هەموو شتێک نازانێت غەیری ئیشی ماڵەکەی نەبێت، کە ئەویش چێشت لێنان و جلشتن و گسکدانێکی عادیە، کەلەبەر بێ عیلمی و نەزانینی خۆی ئەوەیش بە تەواوی جێبەجێ ناکات ...... بۆیە ژنیش حەقی خوێندن و کاسپیکردنی هەیە و حەقی ڕەئی هەیە لەناو کۆمەڵ و موجتەمەعدا"(ژیان، ژمارە ٢٤٧، ١٩٣٠، ل٣-٤).

هەروەها لەو ڕوانگەیەوە کە ژیانی ئابوریی هۆکارێکە بۆ دابینکردنی خواستەکانی ژن، شاعیریانی کورد لە شیعرەکانیاندا داوای کاریان بۆ ژنان کردووە، چونکە لە کارکردنەوە ژن دێتە ناو کۆمەڵ و بەشداری سیاسی و خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی دەکات (عەبدوڵا،٢٠٠٩، ل٩٢) و بێکەسی شاعیر لەم بارەوە دەڵێت:

**ئەمڕۆ زەمانی عیلم و عیرفانە**
**عالەم شەو و ڕۆژ وا لە فەرمانە**

**فەرقی نێر و مێ نییە بیزانە**
**هەستە تێكۆشە تا خوێنت گەرمە( بێكەس،ب.س، ل١٠٢)**

هەروەها گۆرانی شاعیر (١٩٠٤-١٩٦٢) بە چەمكێكی جیاواز لە شاعیرانی پێش خۆی چووەتە ناو دنیای ژن و ڕیاڵیستیانە جیاوازی چینایەتی لە كۆمەڵگەی كوردیدا شـیكردووەتەوە و چەوسـانەوەی ژنی لە سـایەی سـیسـتەمی ئابوری فیوداڵیدا خسـتوتەڕوو، توندوتیژترین دەنگی بێزاری لە بارەی سـتەم و جەوری دواكەوتووی ژیانی ژنی كورد دەربڕیووە، داوای یاخیبوونی كچان و كوڕان لە ڕەوشی نەریتیی دەكات(عەبدوڵا، ٢٠٠٩،ل٩٧)، دەڵێت:

**بێن كچان بێن كوڕان پەیمان ببەستن**
**بۆ هێزی زۆرداری ملكەچ نەوەستن(گۆران، ١٩٨٠، ل٩٧)**

هێمنی شاعیریش (١٩٢١-١٩٨٦) باسی چەوسانەوەی ژن دەكات، بەشداری نەكردنی ژنان لە بوارە ئابوورییەكانی ژیاندا بە یەكێک لە هۆیەكانی دواكەوتوویی كۆمەڵ دەزانێت. لە شیعری هێمندا ژن ڕۆڵێكی گرنگی هەیە، لەو بارەوەڕەدایە مافی كوردی دابەشكراو، تەنیا بە هەوڵ و كۆششی پیاو ناسێندرێت، بەڵكو بە هاوكاری ژن و پیاو ئاواتی كورد دێتەكایەوە"(عەبدوڵا، ٢٠٠٩، ل١٠٣).

**كۆیلەتی باوی نەماوە كیژی كوردی خۆشەویست**
**ڕاپەڕە هەستە لە خەو ئاخر چ وەختی خەوتنە**
**دەركە بشكێنە و پەچە بدڕێنە و ڕاكە مەدرەسە**
**چارەی دەردی كوردەواری خوێندنە هەر خوێندنە(هێمن، ٢٠٠٣،ل١٣٨)**

**مافە ڕۆشنبیرییەكان:**

بەرزی ڕێژەی نەخوێندەواریی و دواكەوتوویی لە نیوەی یەكەمی سـەدەی بیسـتدا، خەمێكی دیار و ئامادەی زۆربەی چین و توێژەكانی كۆمەڵگای كورد و بە تایبەتی توێژی ڕۆشـنبیران بووە، كاتێک سـەیری مێژووی ئەو نیو سـەدەیە دەكەین، هیچ لایەنێک هێندەی بابەتی خوێندن و پەرەپێدانی پەروەردە و فێركردن لە ئەدەبیاتی نوسراوی ئەو ماوەیەدا ئامادەیی نییە. "لەبیرمان نەچێت كە خوێندن بۆ پێشـكەوتنی ئیجتیماعی لە یەكیەتی كەمتر نییە، میللەتە جاهیلەكان هەرچەندە كەیانی ئیجتیماعیان هەیە، بەڵام ئیستیفادە لەو هەیكەلە ناكەن، ئالەتی دەستی دوژمن و دیلی بێگانەن"(جگەرخوێن، گەلاوێژ ١٢، ١٩٤٦، ل٤٥)، لەبەرئەوە بەدروشمی ئەی خوێندەوار بخوێنەرەوەو بنوسە، هیچت لە دەست ناچێت، گەر زیانیش بكەی هەر ئەو زنجیری نەفامییە لە ملت دائەماڵیت كە هەزاران ساڵە تۆی گیرۆدە و دەستخەڕۆ كردووە"(نوری، ١٩٩١، ل٣٩). لەبەرئەوە پێویستیی خوێندنی زۆرە ملێ بە تێكرا بۆ ژن و پیاو داواكراوە(كاردۆخی، گەلاوێژ ٣، ١٩٤٥، ل٤٦).

لەم سۆنگەیەوە بێبەشنەكردنی ژن لە خوێندن بە چارەسەر و دەرمانی زۆرێک لە كێشەكان دانراوە، چونكە ژنی خوێندەوار ئاسۆی بیری فراوانتر دەبێت و باشتر و جوانتر بەدەم ئەرک و فەرمانەكانییەوە دەبێت، بنەماڵەكەی خاوێنتر و باشتر پەروەردە دەكات "كچەكەت بنێرە قوتابخانە با تێ بگات، گەلان چۆن پێشكەوتن، ژنانی گەلانی ئازاد چۆن شان بەشانی پیاو تێئەكۆشن بۆ پێشكەوتنی گەلەكەیان"(سەعید، ٢٠٠٦،ل٢٥٩).

ئەوەی دۆخی ژنـانی خراپتر كرد بوو ئەو تێڕوانینە دواكەوتووە كۆمەڵایەتییەبوو كە خوێندن و دەرچوونی كچ لە مـاڵەوە نەنگی و عەیبەیە، بەڵام هەمیشـە ڕۆشـنبیران جەختیان لە خوێندنی كچان و ژنان كردووەتەوە، "ئەمڕۆ لای هەموو كەس مەعلومە بۆ ئەوەی بەشـەر بە تەواوی بەرز و بڵندبێتەوە، پێویسـتە قیسـمی ژنیش وەكو پیاو هەوڵ و تەقەلا بدات، نابێت وەكو پێشـوو هەر لەماڵەوە بێ ئیشـبێ و عاطل بمێنێتەوە. بۆ ئەوەی ژنیش بێتە مەوقیعی ئیجتیماعییەوە لە بەری تێكۆشـانی خۆی و میللەتەكەی موسـتەفید بێت، ئەبێ ئەوەیش وەكو پیاو لە منداڵیەوە بخوێنێت و لە عیلم و مەعەریفەت و صـەنائیعدا مەعلومات داربێت .. ... لەبەر ئەوەی ئەوە میللەتانەی كە ئەمڕۆ بەرز و بڵند بوونەتەوە و تەكامولیان كردووە، دەمێكە ئەم ئوسوڵە تەعقیب ئەكەن"(ژیان، ژمارە ١٨٩، ل١-٢).

دەستەبژێری كورد بۆ زیاتر گەشەكردنی سیماكانی یەكسانی ژن و پیاو داوای خوێندنی تێكەڵاویان كردووە، چونكە ئەمە بە یەكچاو سـەیركردنی نێر و مێ و ڕاگەیاندنی یەكسـانی نێوانیان بووە، لە لایەكی ترەوە سـیمای كرانەوەی كۆمەڵگای كوردی بووە(سـەعید، ٢٠٠٦،ل٢٣٨). گوزیدە عەزیز خانم كە بەڕێوەبەری مەكتەبی كچانی سـلێمانی بووە لە وتارێكیدا بە ناونیشـانی (ژن و تەئسـیراتی لە حەیاتی مەدەنیەتدا) نوسـیویەتی "ژنێتی، مەوجودێتی كە قیسـمێكی تری حەیات و حەتا قیسـمی موهیمی ئیشـغال كردووە، نابێ تەئسـیراتی ژن لە حەیاتدا لە پێش چاو دووربخرێتەوە، ئەبێ بكرێت بە ڕەهبەری بەرزبوونەوەی ئەو هەنگاوانە كە لە ڕێگای مەدەنیەت و تەرەقیدا ئەهاوێژرێ، ژن حەیات مەسعود و ژن حەیات ڕەزیل ئەكات، ئەم دوو قووەتە كە

دوشمنی یەکترن بە عیلم و جەهلی ژن دێتە وجود، ئەو میللەتانەی کە ژن بە سوئی ئیستعمال ئەکەن، ناتوانن لە بەڵای جەهالەتی خۆیان ڕزگار بکەن"(ژیان، ژمارە ١٣، ١٩٢٦،ل١).

پیرەمێرد لە چەند جێیەکی وتارەکانیدا بە بایەخ و خەمخۆرییەوە ئاماژەی بۆ پایەی ژن لە کۆمەڵدا کردووە، تاوەکو لە ڕێی خوێندەوارییەوە نەوەیەکی تەندروست و پێگەیشتوو و هۆشیار بخەنەوە، بۆیە هەر چالاکی و بەهرە نیشاندانێکی کچانی بەرز نرخاندووە، پاشەڕۆژێکی ڕون و گەشی لێ چاوەڕوان کردوون:

**تا سەوییەی کچانمان بەرز نەبێ لە ئیدراکا**

**ئەولادی چاک پێ ناگا و وەطەن تەرەقی ناکا(ئاشنا، ٢٠٠١، ل٣٦٧)**

هەروەها پێیوایە "کە خوڵکی منداڵ ئەگەر خراپ بێ، هەر ڕەنگێکی تری بکەی بێ هودە و هەرچەند عیلم و فەننە لەبەری کەی بێســوودە، نەتەوەی جێی هیوا بە دایکی خوێندەوار و پارێزگارەوە ئەبێ... بەڵام ئێمە ئاخ ئێمە هەتا دێت خوێندنی کچانمان پێ ناخۆشە"(ژیان، ژمارە ٣٥١، ل١). لە دێرە شیعرێکی تردا بە ناوی (ئەی کچینە) دەڵێت:

**ئەی کچینە وەرنە مەکتەب، ئێوە تەسکینی دڵن**

**زینەتی باغ و تەرەقین، ڕەونەقی دەستەی گوڵن**

**تازە ئێمە تێگەیشتوین، دایکی چاکی خوێندەوار**

**ئەسڵی وا دێنێتە مەیدان، قەومەکەی پێ بێنێتە کار(ئاشنا، ٢٠٠١، ل٣٦٨)**

هاواری خوێندەواری پیرەمێرد دوو لایەنی بیری ڕۆشــنگەرییمان پیشـــاندەدات، یەکەم ئارەزووی خوێندەواریکردن، دووەم کۆشش بۆ هاتنە مەیدانی ژنان و دروستبوونی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز(ڕەسوڵ، ١٩٩٠، ل٥٩).

شـــاعیرانی دیکەی ســـەدەی بیســـتی کورد ســـەبارەت بە مافەکانی ژنان قســـەی خۆیان هەبووە و گەیشـتونەتە ئەو باوەڕەی کۆمەڵگە بە بێ دەنگی ژن پێش ناکەوێت، بۆیە هانی ژنیان داوە بۆ خوێندن و زانست و فێربوون. زۆری شاعیران لەبری ژنان بانگەوازی دابینکردنی ماف و ئازادی ژنیان کردووە، چونکە ژن هەتا سـەردەمانێکی درەنگ لەسـەر خۆی نەهاتووەتە دەنگ و باسی کپکراویی و چەوسانەوەی خۆی نەکردووە(عەبدوڵا، ٢٠٠٩، ل٨٤). بێکەس تێگەیشتبوو کە خوێندن هۆکارێکە ژن دێنێتە ناو دنیای شارستانیبوون و ووریابوونەوە، لەو ڕوانگەیەوە لە شیعری نەسریندا(عەبدوڵا، ٢٠٠٩، ل٩٢). دەڵێت:

**نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە**

**گیرۆدەی بەندی ژیانت زوڵمە**

**وا من پێت ئەڵێم چونکە لە سەرمە**

**هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە**

**سەرپۆش فڕیدە چ وادەی شەرمە(بێکەس، ب.س، ل ١٠٢)**

دۆخی ژن لە وڵاتانی دیکە و بەراوردکردنی بە کوردســـتان بە ئامانجی هۆشـــیارکردنەوەی کۆمەڵ باســـکراوە، ئاماژە بۆ تورکیا کراوە کە زیاتر لە شەش هەزار خوێندنگای کچان و زیاتر لە ١١ هەزار مامۆستای ژن هەبووە، ئازایی ژنانی تورکیایان خستوتەبەرچاو کە دەیانەوێت وەک ئەندازیاری جەنگی و کاپتنی کەشتییەکان لە سوپا و هێزی دەریایی کاربکەن(ژیان، ژمارە ٢٤٨، ١٩٣٠، ل٣)، یاخود بڕیارێکی ئەفغانستان بۆ دامەزراندنی ڕێژەیەکی زۆری ژنان لە دامو دەزگاکانی دەوڵەت و ناردنی بەشـێک لە کچان بۆ خوێندن لە دەرەوە(ژیان، ژمارە ١٣٢، ١٩٢٨،ل٤)، ئاماژەی پێکراوە، لە فەلەسـتینیش مافی خۆپاڵاوتن و دەنگدانی ژن لە هەڵبژاردنەکاندا وەک لایەنێکی پەرەسـەندوو باسـکراوە(ژیان، ژمارە ١٣٦، ل٣). میرزا مەنگوڕیش مێژووی ژنانی جیهانی بە خوێنەرانی کورد ئاشنا کردووە و چەندین دیمەنی خستووەتەڕوو، وەک کەسایەتی عەباسەی خوشکی هارونە ڕەشید و سیفان بڕوانی خۆشەویستی هیتلەر و ڤیکتۆریای پاشا و ژان سیمۆنی ژنی هێنری هەشتەم پاشای بەریتانیا، جەختیش دەکات کە ژنانی کورد پێویستە لە ڕێڕەوی مێژووی ژنانی جیهان خۆیان نەبوێرن:

**مافی ژن لە جیهاندا باوە**

**لە هەموو لایەک مافی ژن دراوە**

**ئەو خاکەی کوا ژنی پاشکەوتووە**

**کۆمەڵێ پەست و بەشخوراوە(ئەسعەد، ٢٠٢١، ل١١٩)**

ڕۆشـــنبیران و شـــاعیرانی کورد بۆ گەشـــەپێدان و هێنانە مەیدانی کچان و ژنان لە خێزان و کچەکانی خۆیانەوە دەســـتیان پێکردووە، ئەحمەد موختار جاف لەبەرئەوەی هەڵەبجە خوێندنگەی کچانی تێدا نەبووە، کچەکەی ناردووەتە قوتابخانەی کوڕان و

لەلایەن خەڵکەوە لۆمەکراوە، بەڵام گوێی بە لۆمەی کەس نەداوە، بەڵکو خوێندنی کچان و کوڕانی بە چرای ڕووناکی تەماشاکردووە بۆ ڕزگاربوونی نەتەوەکەی:

**غەیری مەکتەب بۆ تەداوی ئێمە هیچ دەرمان نییە**
**هیچ سیلاح چاتر لە عیلم و سنعەت و عیرفان نییە**
**بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان**
**هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە(عەلی، ٢٠٢٠،ل١٣٢)**

هەوڵەکانی ڕۆشنبیران بێهودە نەبووە، لەماوەی ئەو نیو سەدەیەدا گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی گەورە لە دیدی و تێڕوانینی خەڵکدا دروستبوو، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان قوتابخانەی سەرەتایی کچان کرایەوە و ژمارەیان زیادیکرد، لە کۆتایی سییەکاندا ناوەندیی کچان لە کوردستان کرایەوە و لە ساڵانی پەنجاکانیشدا خوێندنی ئامادەیی کچان بە شێوەیەکی فراوان لە شارەکاندا بیندرا و ساڵانە سەدان کچ بڕوانامەیان بەدەستهێناوە(سەیدقادر، ٢٠٢٠، ل٨٩).

مایەی سەرنجە بەدەستهێنانی مافەکانی ژن لە باشووری کوردستان هاوشێوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، بەرەنجامی جوڵانەوەی سەربەخۆی ژنان بۆ چاکردنی باری کۆمەڵایەتی خێزان و بەدەستهێنانی مافەکانیان نەبوو، بەڵکو بڕوای تەواوی دەستەبژێر و ڕۆشنبیران بوو، کە لە کانگای دووبارە نوێکردنەوە و گەشەپێدانی کۆمەڵ و هەنگاونان بۆ کۆمەڵگایەکی شارستانی سەرچاوەی گرتبوو.

هونەرمەندانیش لە ڕێگەی هونەری شانۆوە باسی مافەکانی ژن و کۆتە کۆمەڵایەتییەکانیان کردووە، زەوتکردنی سەربەستی ژن لە هەڵبژاردنی هاوسەر و چەوساندنەوەیان لە ماڵە مێرد و پاشکۆیی ئابوریی بۆ پیاوانیان باسکردووە(حاجی ١٩٨٩،ل٦٧). هەروەها ناوەڕۆکی چیرۆکنووسیی پەنجاکان پرسی مافەکانی ژنان و چۆنیەتی چەوسانەوەیان لەلایەن کەسوکار و کۆمەڵگاکەیانەوە بووە، لەو چیرۆکنووسانە: ڕابەر بۆتانی، عەبدولکەریم مەحمود، کەمال ڕەمزی، کامل شێر دڵ، عوسمان عوزێری، ساجد ئاوارە، مارف بەرزنجی و چەندانی دیکە کە چیرۆکەکانیان لەگۆڤارەکانی وەک هەتاو و گەلاوێژدا بڵاوکردووەتەوە(ساڵح ٢٠١٩، ل٢٢).

لە ئەنجامی ئەم هەوڵانە لە پەنجاکان و شەستەکانەوە ناردنی کچ بۆ خوێندن لە کوردستاندا پەرەیسەندووە. زۆر مامۆستا و نۆژدار و پزیشک و پسپۆڕی زانست و هونەر و وێژەیان لێیەیدا بووە، ژنی کورد کە جاران تەنیا لەلادێ کاریکردووە، لە کارگە و دامەزراوەکانی شارەکان کاریدەکرد. ژنی کورد دەستی پیاو ڕزگاری بوو، کەسێتی و پایەیان لە کۆمەڵگادا بەرزبووەوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و خێزانییەوە کچان لە شووکردندا مافی ڕادەبڕینیان پێدرا(صادق، ١٩٩٩، ل١٩٩)، دیاردەکانی شیربایی و ژن بە ژن و زاوارە و ژن بەسەر هێنان و ڕەدووکەوتن و سووتانە و بەشوودانی کچ بە زۆر یان گەورە بە بچووک کەمبوونەوە(حاجی، ١٩٨٩،ل٦٧).

لە پەنجاکاندا ئەگەر سەیری گۆڤاری هەتاو (١٩٥٤-١٩٦٠) بکەین لە ژمارە (٥) گۆڤارەکە، بەشی ژنان کراوەتەوە، کە تا ژمارە (٤٥) هەبووە، لەم بەشەدا بابەتی جۆراوجۆر لە بارەی ژن بڵاوکراوەتەوە، هەموویان بە ناوی ژنانەوە نوسراون، بەڵام زۆربەیان لەلایەن گیوموکریانییەوە باس لە مافەکان و ئەرکەکانی ژنان کراوە(ساڵح، ٢٠١٩، ل٢٨). بە نێوی خونچە موکریانییەوە باس لە ژنانی ناوداری کورد کراوە، دەیان بابەت لەسەر دۆخی نالەباری ژنان نوسراوە، دەیان وتار بە ناوی (بەهیە فەرجوڵا، سەبرییە محەمەد، ئەدیبە عەلی، زیبا عەبدولواحید، خاتو زین بۆتانی، پەرخان، کچە کورد، پرشنگ، نەسرین قزگەیی، نەسرین قەرەداغی، نەسیرین ئەحمەد) بڵاوکراونەتەوە، لەم وتارانەدا پشتگیری لەو ژنانە کراوە کە کاریانکردووە، لە ڕووی ڕۆشنبیری یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتی وە بوێرانە داکۆکیان لە مافی ڕەوای ژنان کردووە، هەروەها بابەتێکی زۆر بە نێوی یەکێتی ژنانی کوردستان لە هەتاودا بڵاوکراوەتەوە(ساڵح، ٢٠١٩، ل٢٨).

بەم شێوەیە لە سایەی خەباتی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیران و هۆشیاربوونەوەی کۆمەڵگای کوردی، لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا ژنان بەشداری کایە سیاسی و ئابوریی و ڕۆشنبیرییەکانیان کرد و لە زۆرێک لە شارەکانی کوردستاندا ڕێکخراو و کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیانیان دامەزراند و دەیان ڕۆژنامەی تایبەت بە ژنان بڵاوکرانەوە.

**ئەنجام :**

**لەم توێژینەوەیەکدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک و لەم چەند پەرەگرافەی خوارەوەدا کورتی دەکەینەوە:**

هەر لە دوای دەرکەوتن و خەملّینی توێژی ڕۆشنبیران و خوێندەواران لە باشووری کوردستان یەکێک لە خەمە گەورەکانی ئەم توێژە، بریتی بووە لە پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی، ئەوەش جگە لەوەی لە بوارەکانی بڵاوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواری و هۆشـیاری تەندروسـتی و دادی کۆمەڵایەتی و دادگەری و گەشـەپێدانی گیانی یەکگرتن و بەرپرسـیارێتی و خزمەتکردن و گێرانەوەی شکۆ و ڕێز بۆتاکی کورد لە کۆششدا بوون، لە پرۆسەیەکی بەردەوامیشدابوون لە بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان لە باشووری کوردستان.

سەرباری ئەوەی لەسەرەتادا خودی هەڵوێستی ژنانی کورد و کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکانی بواری مافەکانی ژنان لە باشوری کوردستان بوونیان نەبووە، بەڵام ڕۆشنبیران خۆ بەخۆ لە بری ژنانیش داوای مافەکانی ژنانی کوردیان کردووە، کە لە لایەکەوە هەوڵیان داوە لەسەر ئاستە کۆمەڵایەتییەکە خێزان و کۆمەڵگای کوردی سەبارت بەو مافانە هۆشیار بکەنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە لەسەر ئاستە فەرمییەکە داوایان لە حکومەت کردووە لە ڕێگەی یاسا و دادگاکانەوە مافەکانی ژنان بپارێزێت.

ئەو خەباتە بەردەوامەش وایکرد بە درێژایی سـاڵانی ١٩٢١ تا ١٩٥٨ دۆخی ژنانی باشـووری کوردسـتان لە ڕەهەندەکانی کۆمەڵایەتی و سـیاسـی و ئابورییەوە بەرەو پێشـچوونێکی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت، دەبینین ژنان هاتنە ناو کایەی سـیاسـی و حزبایەتی و بەشـداری پرۆسـەی سـیاسـیان کرد، هەروەها لە بواری بازرگانی هاتنە ناو بازاڕ و کارکردنی ژنان لە کۆمەڵگای کوردیدا بووە کارێکی ئاسـایی و قبوڵکراو کە پێشـتر نامۆ و قەدەغەبوو، هەروەک چۆن لە سـەر ئاسـتە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکەش وەک جاران پەراوێزخراو نەمان و تارادەیەک بوونە خاوەن کەسایەتی و قورسایی و بڕیاری خۆیان.

**سەرچاوەکان:**

**کتێب:**

1. سـالح،سـدیق،٢٠١٠، ڕەفیق سـالح، عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری هەتاو ١٩٥٤ -١٩٦٠، بەرگی یەکەم، بەشـی یەکەم، ژمارە(١-١١)، دەزگای موکریان، هەولێر.

2. ئەحمەد، کەمال مەزهەر، ١٩٨٥، چینی کرێکارانی عێراق و دروسـتبوون و سـەرەتای بزوتنەوەی، وەرگێرانی، فوئاد مەجید میسری، ب- ش.

3. سەعید،هیوا عەزیز، ٢٠٠٦، بیری لیبراڵی لە باشوری کوردستان 1900-1958، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

4. ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٣، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، قوتابخانەکانی ڕۆژنامەوانی کوردی و سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، کتێبی دووەم، بەرگی دووەم، دار العربیة للنشر، بیروت.

5. ق.نەبەرد، ١٩٤٧، سەربەستی ژن، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٩ و١٠)، ساڵی (٨)، ئەیلول و تشرینی یەکەم.

6. عەبدولڕەحمان، دڵشـاد مەحمود،٢٠١٩، بارودۆخی کۆمەڵایەتی شـاری کەرکوک( ١٩٢١- ١٩٥٨) چاپخانەی سـارا، سلێمانی.

7. شوانی، ئاکۆ عەبدولکەریم، ٢٠٠٨، شاری سلێمانی ١٩٣٢-١٩٤٥، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

8. عەبدوڵا، عەباس ساڵح٢٠٠٩،، فیمینیزم لە شیعری کوردیدا،چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

9. دیوانی بێکەس، ب.س، پێشەکی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی الادیب، بغداد.

10. دیوانی گۆران، ١٩٨٠، کۆکردنەوە و پێشەکی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغداد.

11. دیوانی هێمن، ٢٠٠٣، پێشەکی محەمەدی مەلا کەریم، هەولێر.

12. جگەر خوێن، ١٩٤٦گۆڕینی کۆمەڵایەتی کورد، گۆڤاری گەلاوێژ،،ژمارە، (١٢)، ساڵ (٧)، کانونب یەکەم.

13. نوری، بەرهەمی کۆکراوەی عەبدولواحید نوری، ١٩٩١، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی، محەمەد تۆفق خەزنەدار، سەرپەرشتی دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، دار الشؤون الثقافیة، بەغدا.

14. کاردۆخی، محەمەد، ١٩٤٥، بناغەی وریابوونەوەی کۆمەڵایەتی، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٣)، ساڵ (٦)، مارت.

15. ئاشنا، ئومێد، ٢٠٠١، پیرەمێرد، ژیان و بەرهەمەکانی،بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

16. عەبدوڵا،چنار سـەعد، ٢٠٠٩، ڕۆڵ و کاریگەری سـیسـتەمی پەروەردە لە سـەر ڕەهەندی نەتەوەیی لە کۆمەڵگای کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب.

17. ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا،١٩٩٠، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی خوێندنی باڵا، سلیمانی.

18. ئەسعەد، ڕاز، ٢٠٢١، میرزا مەنگوڕی و مێژووی ژن، سلێمانی.

19. عەلی، عادل سـدیق،٢٠٢٠، هەڵەبجە شـارێکی بچوک و مێژوویەکی دەوڵەمەند، بەرگی یەکەم، ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی.

20. محەمەد،کەمال ڕەئوف، بابی لالۆ، ٢٠٠٤، دەستەوارەبێ نان بۆ مێژوو، سلێمانی.
21. سەیدقار،شاهۆ عوسمان، ٢٠٢٠، سلێمانی لە کۆتایی بابانەوە بۆ سەرەتای ڕاپەڕین، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.
22. حاجی، مەغدید، ١٩٨٩، ژن لە شانۆی کوردیدا، بغداد.
23. صادق، فؤاد طاهیر، ١٩٩٩، کۆمەڵزانی و کورد، چاپخانەی ژیار، سلێمانی.

**ڕۆژنامە:**

24. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ١٣، پێنج شەممە، ٢٢ی نیسانی ١٩٢٦.
25. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٧٨، پێنجشەممە، ١٨ی ئاغستۆسی ١٩٢٧.
26. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٩٣)، شەممە، ٦ی کانونی ئەوەلی ١٩٢٧.
27. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٩٤)، سێشەممە، ١٣ی کانونی ئەوەلی ١٩٢٧.
28. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٩٦)، سێشەممە، ٣ی کانونی دووەمی ١٩٢٧.
29. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٩٧، پێنجشەممە، ١٠ی کانونی سانی ١٩٢٨.
30. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ١٢١، پێنجشەممە، ١٢ی تەموزی ١٩٢٨.
31. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ١٢٩، پێنجشەممە، ٢٠ی ئەیلولی ١٩٢٨.
32. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ١٣٢، پێنج شەممە، ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٨.
33. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ١٣٦، پێنج شەممە، ١٢ی تشرینی دوەمی ١٩٢٨.
34. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ١٤١، سێشەممە، ٢١ی ئاغوستوسی ١٩٢٩.
35. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (١٤٦)، دووشەممە،٢٤ی کانونی یەکەمی ١٩٢٨.
36. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٢٤٧)، پێنجشەممە، ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٣٠.
37. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (١٨٩)، دووشەممە، ٢٩ی تەموزی ١٩٢٩.
38. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٣٥١)، دووشەممە، ١٢ی کانونی دوەمی ١٩٣٣.
39. ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ٢٤٨، پێنجشەممە، ٣٠ی حوزەیرانی١٩٣٠.